



## چیرۆکی

# دایک و زارۆ




## نووسەر: مەکسیم گۆرکی

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: زانکۆ یاری



**چاپکراوە لە وەرزنامەی چاندی-کۆمەڵایەتیی "چلچەمە"،**
**ساڵی ئەوەڵ، ژمارەی 2، هاوینی 2719**


········ ❄ ✾ ❄ ········

**لەمەڕ نووسەرەوە:**



**چیرۆکنووس و شانۆنووسی بەناوبانگ و شۆڕشگێڕی ڕووسی ئالێکسی مەکسیمۆڤیچ پشکۆڤ، ناسراو بە مەکسیم گۆرگی[1]، لەنێوان ساڵانی ١٨٦٨–١٩٣٦دا ژیاوە. لە تەمەنی نۆ ساڵاندا هەتیو کەوتووتەوە و کار و پیشەی جۆراوجۆری تاقی کردووەتەوە لە درێژەی ژیانیدا کاتێک ئاوارە و بێشوێن بووە و سەرتاسەری ڕووسیا گەڕاوە و دەیەویست بەباشی شارەزای ژیانی خەڵک بێ و نیشتمانەکەی بناسێت. گۆرکی تینووی کتێب و خوێندن بوو و هەر کتێبێکی کەوتبێتە دەست، دەیخوێندوەوە و لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕووسیا و سۆڤیەتی پێشوو** (Union of Soviet) **بەوێنەی چالاکێکی ئەدەبی و خەباتگێڕانە بووە. ئەڤ نووسەرە مەزنە هەروەک تۆلستۆی[2] هاوار و تووڕەیی خۆی بەرامبەر بە سووکایەتی و زمانبازی؛ دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی سەرمایە** (Feudalism & Capitalism) **دەردەبڕی. ئەو هەمیشە و بەشێوەیەکی بەردەوام، هەستە مرۆڤایەتییەکانی بۆ تەواویەتی مرۆڤ و شێوەگرتنی مرۆڤە تەواوەکان دەردەخست. وشەی "مرۆڤ" هەستی خۆشەویستی لە گۆرکیدا دەبزوێنی. مرۆڤخوازیی گۆرکی** (Humanism) **خاوەنی چێژ و جووڵەیەکی زیاترە. هەم ڕوونتر و هەم سەرلێوترە لە ڕق دژ بە هەر چەشنە سووکایەتییەک لە چاوی مرۆڤخوازەکانی پێشووەوە. کتێبەکانی لە بەناوبانگترین پەرتووکەکانی نووسەرانی سۆشیالیستن** (Socialist Realism Literary Method) **و خۆی یەکێک لەو کەسانەیە کە وێژەی ڕووسیای پێ دەناسرێت.**

**بەسەرهاتەکانی کەرەسەیەکی بەنرخی داوەتە دەست بۆ چیرۆکە سەرئاساکانی. یەکەم چیرۆکی بەناوی ماکار چوودرا[3] لە ساڵی** 1892**دا لە تیفلیس** (Tiflis) **پێتەختی گورجستان لە ڕۆژناڤەی "قەفقاز"دا** (Kavkaz) **بڵاو کرایەوە. گۆرکی شارەزا و کارامەیە لە شرۆڤەی ژیانی جەماوەری دەربەدەردا، چونکوو پیر چاکی دەناسین و زۆرترین چیرۆکەکانی باسکردنە لەسەر ئەم خەڵکانە؛ هەروەها چیرۆکەکانی پڕن لە گوڕ و تین، ئێش و ئازار، خۆشی و ئاریشەی نێو ژیان. یەکێک لە بەرهەڤە ناسراوەکانی مەکسیم گۆرکی، کتێبی "چیرۆکە هەڵبژاردراوەکان"ـە[4]؛ چیرۆکی "دایک و زاڕۆ"[5] لەو کتێبەدا وەرگیراوە و ئەمە شێوازێکی نوێی وەرگێڕانی کوردیی ئەو چیرۆکەیە کە لە گۆڤاری "چلچەمە"دا چاپ کراوە و ئێستا دەیخوێننەوە:**

........ ❄ ✾ ❄ ........

[1] Alexei Maximovich Peshkov, Maxim Gorky.
[2] Leo Tolestoy (1827-1910).
[3] "*Makar Chudra*". (Макар Чудра), 1892.
[4] "*Selected Short Stories*", 1978.
[5] *Mother and Son* (Short Story).

لەمەڕ دایک، دەتوانین بەردەوام چیرۆکی بێکۆتایی بگێڕینەوە.

چەند حەوتەیەک هێزەکانی دوژمن پشتبەپشت و وەک ئاڵقەیەک دەڤەری شاریان گرتبوو و گەمارۆیان دابوو و نوقمی ئاسن و پۆڵا بوون. شەوانە ئاگرێکی زۆر هەڵدەکرا و دەتگوت ئاگرەکە لەنێو تاریکییەکەدا بە چاوانی سووری زێدەلەبژاردن و فرە دەڕوانێتە دیواری شارەکە. لەو چاوە سوورانە گڕ و پرشنگی حەز و شاییی ئازاردەر دەباری و بڵێسەی خۆشی لێ هەڵدەستا و ئەو سووتانن و تاوە هەژەند و تۆقێنەرە لە شارە گەمارۆدراوەکەدا، ڕامان و خەیاڵێکی ئاڵۆزی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. (خەڵکی شار) لەسەر دیوارەکانەوە دەیانبینی ئاڵقەی دوژمنەکان لەپەسا تەسک و قایمتر دەکرێتەوە!. سێبەرەکانیان جە تەنیشتی ئاگرەکان وەدیار دەکەوتن، حیلەی ئەسپە زکتێر و قەڵەوەکانیان دەبیسترا و شریخەی لێکدانی شمشێرەکان و هیکەی پێکەنینیان دەهاتە بەر گوێ. دەنگی چڕینی گۆرانیی کەیفوەشیی ئەو کەسانەی کە گریمان یان متمانەیان بە سەرکەڤتنی خۆیان هەبوو، بەرز دەبووەوە.

ئاخۆ شتێک دڵئازاردەرتر لە دەنگی پێکەنین و هەراوگۆرانیی دوژمن هەیە؟

دوژمنەکان هەموو چۆم و ڕووبارەکان کە ئاویان دەهێنایە نێو شارەکە، پڕیان کردبوون لە تەرمی کوژراوان، باخەمێوەکانی ئەو ناوچەیانە لە بێخەوە سووتاندن، کێڵگەکانیان پێشێل کرد و داری باخەکانیان لە بنەوە قرتاندن. شار لە هەموو لایەکەوە کراوە و بێچاودێری بوو، زۆربەی ڕۆژەکان تۆپ و شمخاڵەکانی[6] دوژمنەکان، وەکوو ڕێژنەبارانی زڕیچ و چودەن[7] بەسەریدا دەبارین. دەستەی سەربازەکانی نیوەبرسی، کە بەهۆی شەڕەوە ئاپۆرەحاڵ و گەلێک شەکەت بوون، بە ڕوخسارێکی مۆڕ و ڕووتاڵەوە لەنێو کۆڵانە تەسکەکانی شاردا دەگەڕان. دەنگی ناڵەی برینداران، هاواری تەژی لە ڤڕێنە و برسکاندن، پاڕانەوە و ڕووڕووی ژنان و شیوەن و گریانی منداڵان، لە پەنجەرەکانەوە دەبیسترا. هەمووکەس بەئەسپایی و بەترسەوە قسەیان دەکردن و لەکاتی ئاخاڤتندا، قسەی یەکتریان دەبڕی و بە وردی گوێیان دەگرت، ئاخۆ دوژمن هێرشی دەستپێکردووە؟

لە ئەوەڵی شەودا شیمانەی ئەوە بوو کە ژیان لەتاقەتبەدەر بێ!، چونکوو ئەو کاتەی کە سێبەرە ڕەشەکان لە چەقی دۆڵی کێوە دوورەکانەوە دەهاتنە دەرێ و بەرە و ئۆردووگای دوژمنیان دادەپۆشا و بەرەو دیوارە نیوەڕماوەکانی شار دەهاتنە پێش، نیوە مانگ (بە ئاسمانەوە)، چەشنی قەڵغانێک کە لە گۆڕەپانی شەڕدا داکەوتبێ و بە لێدانی شمشێر پڵیشاو بووبێ بەسەر دەوری ترۆپکی چیاکانەوە دەبینرا. لەو بێدەنگی و تاریکییەدا دەنگی شیوەن و ناڵە پتر و خاستر دەبیسترا. خەڵکانێک کە بەهۆی ئێش و ژان و برسییەتییەوە پیر ماندوو بوون و چاوەڕوانیی هیچ یارمەتییەکیان نەدەکرد، ڕۆژلەدوایڕۆژدا کمهیواتر دەبوون و جەماوەر بە ترسەوە چاویان مانگ، ددانی تیژی کێوەکان، درگانەی ئاوەڵا و ڕەشی دۆڵەکان و ئۆردووگای پڕ لە هەراوهاواری دوژمن دەکرد. ئەوانە هەڤڕا دیمەنی

---

[6] چەکی سەرپڕی ئاگری سەربازەکانی ئەو سەردەمە.

[7] Pb and Cast Iron.

مەرگیان لە بەرامبەر چاوی ئەواندا وێنا دەکرد. هیچ ئەســـتێرەیەکی هیوا و ئومێدیش لە ئاسمانی ئەواندا نەدەدرەوشایەوە. دەترسان چرا و ئاگر لە نێوماڵەکانیاندا داگیرسێنن. تاریکییەکی چڕ و تیروتەســەل بەســەر شــەقام و کۆڵانەکاندا زاڵ بوو و لەو تاریکییەدا، ژنێکی بێدەنگ کە سەرتاپێی خۆی بە کەوایەکی ڕەشەوە پێچا بوو، چەشنی ماسییەک کە لە قوڵایی دەریاچەیەکدا مەلە بکات بەنێو کۆڵانەکانی شاردا تێدەپەڕی.

خەڵک کاتێک کە ئەویان دەبینی لە یەکتریان دەپرسی:

–ئەوەیە؟

–خۆیەتی!

ئەوکات دەسبەجێ لە هەیوانی داڵانەکاندا ون دەبوون، بە بێدەنگی و سەرشۆڕی و بەپەلە بە تەنیشــتیدا دەچوون. فەرماندەکانی دەســتەی ئێشــکچییەکان و پاســەوانەکانیش بە تووڕەیی ئاگاداریان دەکردەوە:

خاتوو ماریانا[8]! ئێوە دیســـان لەنێو کۆڵانەکەن؟ وریای خۆت بە، لەوانەیە بتکوژن! دواتر هیچکەسیش بەتەمای بەدواداکەوتنی بکوژەکە نابێ..!

ژنەکە بەژنی بڵند ڕاگرت و ڕادەوەســتا هەتاکوو دەســتەی پاســەوانەکان بە تەنیشــتیدا تێدەپەڕین؛ زەڵە و بوێریان نەدەبوو یان حەزیان نەدەکرد دەســـت لە ئاســـتیدا بەرز بکەنەوە. پیاوە چەکدارەکان خۆیان لێ دوور دەگرت و وەها لە نزیکبوونە پێی دەپارێزیان دەکرد چمان مرۆڤێکی مردووە. ئەویش لەو تاریکییەدا دەمایەوە و دیسان (جارێکیتر) هێور و تەنیا بەرەو شــوێنێک دەچوو. لاڵ و ڕەش، چەشــنی دیمەنی نەهامەتییەکانی شــار لە کۆڵانێکەوە دەچووە کۆڵانێکیتر. لە هەر چواردەوریدا دەنگی پڕکوڵی نــاڵە، شـــیوەن و شــین، پاڕانەوە و وتووێژی خەمناکی ســـەربازە ڕووناوەشـــەکان کە بەتەواوی بێئومێد بوون، چاودێرییان دەکرد. بۆ هەر شوێنێک دەچوو بەدوایەوە بوون.

ئەو ژنە کە هەم دایک بوو، هەم هاونیشتمانییەکی ئەوێ، لە بیری نەتەوەکەی و ڕۆڵەکەی بوو، ڕۆڵەی زۆرجوان و بەدەماخ و بەڵام بێبەزەییەکەی، پێشـــەنگی ســـوپایەک بوو کە شاریان وێران دەکرد. تاکوو ماوەیەکی پێش لەوە، دایکی بەشانازییەوە لێی دەڕوانی و بە دیارییەکی بەنرخی دەزانی بۆ ڤڵاتەکەی، بە هێزێکی ڕەوشتباشی دەناسی کە بۆ یارمەتیی خەڵکی شار هێنایبوویە دونیاوە. ئەو شارە هێلانەیەک بوو کە هەم خۆی تێیدا چاوی بە دونیا هەڵێنابوو هەم ڕۆڵەکەشـــی تێیدا بەخێوکردبوو. ســـەدان تاڵی بزر، دڵی دایکی بە بەردە کۆنەکانەوە، کە باپیرانی لەوێ ماڵەکانی خۆیان پێ دروست کردبوو و بنچینەی و دیواری شاریان لەسەری دامەزراندبوو و بەو زەوییەوەی کە ئێسقانی خزم و کەس و باپیرە هاوخوێنەکانی بە دیرۆک و شــێعر و ئومێدەوە تێیدا نووســتبوون، پێکەوە دەبەســتەوە. ئێستایش ئەو دڵە نزیکترین و خۆشەویستترین کەسایەتییەکانی لەدەستچووبوو و وەژان هاتبوو. ئەو دڵە میناک تەرازوویەک بوو، بەس وابوو کە کاتێک ســۆز و خۆشــەویســتیی

[8] Lady Maryana

خۆی بۆ ڕۆڵەکەی و ئەو شـارەی کە تێیدا ژیاوە هەڵدەسـەنگاند، نەیدەتوانی بزانێت کام تای تەرازووەکە قورسە و کام لای سووک؟

بەم شـێوەیە، شـەوانە لە کۆڵانەکاندا هاتووچووی دەکرد و زۆربەی ئەو کەسـانەی کە نەیاندەناسـی تووشـی ترس و دڵەڕاوکێ دەبوون و پەیکەری ڕەشـی ئەو بە بەرژەوەندیی مەرگێک کە ئیدی لە گشت کەس نزیک بووەوە گومان دەکرا. گەر ناسـیباشـیان لەو دایکە بەڵێنشکێن و ناپاکە دوور دەکەوتنەوە. بەڵام شەوێکیان، لە سووچێکی دوور و تاریکدا، لە تەنیشـتی دیواری (دەوری) شـارەکەدا، دایکەکە لەگەڵ ژنێکیتر ڕووبەڕوو بووەوە. ئەو ژنە بێجووڵە و وەک پاژێک لە زەوی، لە بەرامبەر تەرمێکدا بە ژاکاوی چۆکی دادابوو، ڕوومەتی خەفەتباری بەرەوڕووی ئەستێرەکان کردبوو و دەپاڕایەوە. پاسەوانەکان لەڕووی دیوارەکەدا و لە ژووری سـەریشـیدا بەهێمنی لەگەڵ یەکدا قسـەیان دەکردن و دەنگی چەکەکانیان کە دەکەوتە ڕووی بەردی دیوارەکە دەهات.

–دایکە بەڵێنشکێن و ناپاکەکە پرسیاری کرد:

–شووەکەتە؟

–نا.

–براکەتە؟

–کوڕمە.

–شووەکەم سێزدە ڕۆژ لەمەوپێش کوژرا. ئەمیش ئەمڕۆ.

پاشان دایکی کوژراوەکە هەستا و لە دۆخێکی ملدان و ڕازیبووندا گوتی:

عەزرای پیرۆز[9] هەموو شتێک دەیبینێت و دەزانێت و ئەز سپاسبێژی دەبم.

–دایک پرسیاری کرد:

–لەبەر چی؟

–ژنەکەش برسڤی دایەوە:

ئێسـتا ئەو لە شـەڕ بۆ بەرگریکردن لە نیشـتماندا بە شـەرەفەوە کوژراوە. دەتوانم بە دڵئاسودەییەوە بڵێم کە ئەو ترسـی لە دڵ مندا درووسـت دەکرد، بێهیمەت و بێسـەروبەر بوو، زۆر حەزی لە ژیانی کەیفخۆشـانە و ڕەحەت بوو، دەترسـام ئەویش نادرووسـتی و ناپاکی لە شـارەکەمان بکات و وەک کوڕەکەی ماریانا، ببێتە دوژمنی خەڵک و خودا و سـەرۆکی دوژمنەکانمان. نەحالەت لەو و لەو مندالدانەش کە ئەوی هێنایە بوون و پەروەردەی کرد..!

–ماریانا، ڕوخساری خۆی داپۆشـی و دوورکەوتەوە. ڕۆژی دوایی چوو بۆ لای پارێزەرانی شار و (بە کرووزانەوە) گوتی:

–بمکوژن!، بەهۆی ئەوەیکە کوڕەکەم بووەتە دوژمنتان لە دژی ئێوەیە، یان ڕێگام پێ بدەنێ منیش بچمە لای ئەو..

---

[9] ئافرەتێک کە هێشتا هەر وەک کچ ماوە.

-ئەوان وڵامیان دایەوە:
-تۆ مرۆڤی و دەبێ نیشتمانەکەت بۆ ئازیز بێ و کوڕەکەشت وەک چۆن دوژمنی هەر یەک لە ئێمەیە، دوژمنی تۆشە.
-ئەمن دایکم! ئەوم خۆشدەوێ و خۆم بە تاوانبار و بێسەرنج دەزانم کە ئەو ئاوای لێهاتووە!
-دواتر وان کەوتنە پرس و ڕاوێژ کە چی بکەن و لە کۆتاییدا گەیشتنە ئاکامێک و گوتیان:
-شەرەفمان یارمەتی و ڕێگەمان ناداتێ بەهۆی بێئەمەگی و ناپاکیی کوڕەکەت بتکوژین. ئێمە دەزانین کە بۆ کردەوەیەکی ئاوەها گەورە و شەمەند هاندەری نەبویتە و فێری نەکردووی و تەنانەت بۆچوونمان ئەوەیە کە چەندە ژان و جەفات کێشاوە. بۆ بەندکردن و بەگرێوگرتنیش پێویست نابی، کوڕەکەت قەت بیرت لێ ناکاتەوە، ئێمە ڕوانگەمان وایە کە ئەو پەریڕەشکە تۆی هەر لەبیر کردووە و گەر لەو باوەڕەدای کە شایانی سزایت، ئەوا ئەم سزایەت بۆ بەسە. پێمانوایە تاوانێکی لەم جۆرە تەنانەت لە مەرگیش سامناکترە!
-دایک گوتی:
-بەڵێ! ئەمە تۆقێنەرترین سزایە! ئیدی دەرگاکەیان بۆ کردەوە و لە شار چووە دەر. ماوەیەکی فرە لەسەر دیوارەکەوە لێی ڕوانین کە چۆن لە بانە زەویی خۆشەویستی ڕۆڵەکەی و ئەو خوێنە زۆرەی کە کوڕەکەی ڕژاندبووی و لێی تێراو ببوو، دەچوو. بەشێوەیەک هەنگاوی هەڵدەنا و قاچەکانی بە ئەستەم لە زەوی جیا دەکرد و هەڵیدێنان. لە بەردەم تەرمی پارێزەران و شەهیدانی شاردا کڕنۆشی دەبرد و بە بێزارییەوە بە پێی شەقی لە چەکە شکاوەکان هەڵدەدا.
دایکان، لە چەک و هێرش و پەلامار گەلێک بێزار و وەڕەزن، تەنیا چەکێک بە باش دەزان کە بۆ بەرگری کردن لە ژیاندا بەکەڵک دێت.

دەتگوت لەژێر پۆشەمەنییەکەوە قاوێکی پڕ لە ئاوی هەیە و دەترسێت بیرژێنێت، هەتا دوورتر دەکەوتەوە، بووچکتر دەبوو و ئەو کەسانەی کە لەسەر دیوارەکەوە چاویان لێ دەکردن، پێیان وابوو لەگەڵ پەیکەری ئەودا خەم و پەژارەیش بەجێیان دێڵێت و لە کۆڵیان دەبێتەوە. دیتیان لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا، کڵاوی ڕووپۆشەکەی لە سەری فڕێ دا و تاکوو ماوەیەکی زۆر دەیڕوانییە شارەکە.
بەڵام لەوێیش، لە ئۆردووگای دوژمن ئەویان دیتبوو کە تاق و تەنیا لەو ناوەڕاستی چۆڵگەگەدا ڕاوەستاوە و چەند هەیکەڵی ڕەش وەک خۆی بە وریایی و بێپەلە لێی نزیک بوونەوە و پرسیاریان لێ کرد:
-هۆی، ئەتۆ کێی و بۆ کوێ دەچیت؟
-ژنەکە گوتی:

–فەرماندە و سەرکردەکەتان کوڕی منە.
هیچکام لە سەربازەکانیش گومانیان لە ڕاستیی قسەکەی نەکرد. شانوەشانی وی کەوتنەڕێ، بە پێداهەڵکوتن و ڕێزلێنان و پێداگرانە باسی لێهاتوویی و دلێری و ئازایەتیی کوڕەکەیان دەکرد. دایکەکەش لووتبەرز و بە پێنازینەوە، سەری بەرز کردەوە و گوێی بۆ قسەکانیان شل کرد و سەرسووڕمان و شڵەژانی پێوە بەدی نەدەکرا.
کوڕی وی دەبوو هەرئاوا ببوایە!
لە کۆتاییدا، لە بەرامبەر کەسێکدا ڕاوەستا کە نۆ مانگ بەر لەدایکبوونی ئەوی دەناسی. لە ڕووبەڕوویدا بوونەوەرێک ڕاوەستابوو کە قەت هەستی نەدەکرد لەتێکی جیاواز لە خۆی بێت. چووەنێو مەخمەڵ و ئاوریشم و لە ڕوویدا بوو و چەکەکەشی بەگەوهەرڕازاوە بوون؛ هەموو شتێک وەک ئەوەبوو کە دەبوایە ببێ!. دایک لە خەوەکانیدا بە ڕاشکاوی ئەوی ئاوا لەبار بۆ لاوانەوە، دەوڵەمەند و ناودار دیتبوو.
–دەستەکانی دایکی ماچ کرد و گوتی:
–دایکە! تۆ هاتووی پەی من، کەوابوو مەبەستی منت هەست پێ کردووە. سبەینێ ئەم شارە نەفرەت لێکراوە داگیر دەکەم!
–دایکی وریای کردەوە:
–ئەو شارەی کە تێیدا لەدایکبووی؟
–لاوەکە لە ئازایەتییەکانی خۆی سەرخۆش و شێت و سەوداسەری وەدەستهێنانی بەناوبانگیی زیاتر بوو، بە تاوێکی ئەوتۆ پڕ ڕوویانەی گەنجانەوە، گوتی:
–ئەمن لە دونیادا پەی دونیا هاتوومەتە بوون تاکوو تووشی سەرسووڕمان و تێرامانی بکەم! لەبەر تۆ بەزەییم بەم شارە دەهات، ئەم شارە وەک دڕکێک لەنێو پێمدایە و منی ڕاگرتووە بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرەی کە دەمەوێ، بەزوویی بگەمە ناوبانگی و سەرفرازی! بەڵام هەنووکە، ئیدی سبەینێ ئەم هێلانە لاسار و یاخیانە دەڕووخێنم.
–دایک گوتی:
–ئەو هێلانەیەی کە هەر کوچکێکی لە سەردەمی منداڵیتەوە دەناسێت و لەبیریەتی!
بەردەکان قسە ناکەن هەتاکوو مرۆڤ زۆریان لێنەکات، لاڵن. وازم لێ بێنە تاکوو کێوەکان سەبارەت بە ئەز دەم هەڵبێننەوە و لەسەرم بدوێن، منیش ئەمەم دەوێ!
–دایک پرسی:
–ئەی ئەو خەڵکە؟
–ئای! بەڵێ ئەوانم لەبیرە. دایە! ئەوانیش پێویستن بۆم، چونکوو تەنێ لە بیرەوەریی پاڵەوانەکان و قارەمانەکاندا دەمێنێتەوە!
–دایک گوتی:
–دلێر و قارەمان کەسێکە بەپێچەوانەی مەرگ، ژیانیش بخوڵقێنێت و بەدی بێنێت،
–پاڵەوان کەسێکە بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێت..
–ئەویش وڵامی دایەوە:

–نا! داڕووخێنەر و کاولکەرەکانیش وەکوو ئاوەدانکەر و ماکە و بناخەدامەرزانەکان ناودار و سەربەرزن، بڕوانە! ئێمە نازانین کە شاری ڕۆم[10] ڕۆمێرلۆس[11] پێی ڕشتووە یان کەسێکیتر! بەڵام ناوی ئالاریک[12] و تەواوی قارەمانەکانیتر کە ئەوشارەیان وێران کرد، بەباشی و درووستی زانراون..

–دایک، جارێکیتر ئاگاداری کردەوە:

–هەمان شار کە دایموقایمە و هەمان ئەو دلێرانەی کە مۆرک و شوێنیان دیار نییە.

بەم شێوەیە لەگەڵ دایکیدا هەتا ئێوارە قسەی کرد. دایک بەدەگمەن قسە تیروتەسەلە شێتانەکانی پێ دەبڕی و سەری بەرز و گرانی هەر دەم زیاتر لە پێش شۆڕ دەبووەوە.

دایک دەخولقێنێت و گیانی دەبەخشێت، دایک پاراستن و پەروەردەی منداڵ دەکات، پەیڤینی ڕووخاندن و لەناوبردن لەپێش دایکدا، جۆری دوژمنایەتییە و دەچێتە خانەی دژایەتی کردن لەگەڵیە، بەڵام گەنجەکە لەمە تێنەدەگەیشت و بەپێچەوانەی واتا و چەمکی ژیان لەلای دایک بووا!. دایک تاهەتایە دژی مەرگە، دایک بەردەوام قین و ڕقی لەو دەستانەیە کە مەرگ بەدی دێنن و بەرەوڕووی ماڵی خەڵکی دەکاتەوە و لەو جۆرە کاری دوژمنانە سەرقورس و دڵرەقە. بەڵام کوڕەکەی ئەمانەی نەدەبینی، برووسکەی ساردوسڕی ناوبانگی و گیرۆدەی لووتبەرزی و هەڵکشان کە دڵی (مرۆڤی) دەردەهێنا، کوێری کردبوو. هەروەها نەیدەزانی کە کاتێک دایک ژیانێک دێنێتە بوون و سەرپەرشتیی دەکات، وێدەچێ مەترسی و هەڕەشەشی بۆ درووست ببێ. کەچی وی دڕندەیەکی فرەزان و بێبەزەیی و نەترس بوو..

دایکەکە خەمین دانیشتبوو و لە ڕووپۆشی[13] کراوەی خێوەتەکەی[14] سەرکردە؛ شارێکی دەبینی کە تێدا بۆ یەکەم جار لەجوور جووڵەی دڵگر و چێژبەخشی کۆرپەی لە سکیدا هەست پێدەکرد و گرژبوونی بەئەشکەنجەی لەدایکبوونی ڕۆڵەیەکی وەردەگرت کە ئێستا دەیەویست بەتەواوی لەناوی ببات.

تیشکی سووری هەتاو، بەسەر کۆشک و دیواری شاردا ترووسکەی دەدا. شووشەی پەنجەرەکان بریسکەیەکی نەگبەتی هەبوو، دەتگوت هەموو دانیشتووانی شار بریندارن و دۆشاوی سووری ژیان لە سەدان برینی شارەوە هەڵدەچۆڕێ. کات تێدەپەڕی و شاریش هێدیهێدی تاریک دەبوو. دەتگوت لەشێکی مردووی بەجێماوە، ئەستێرەکان بەسەریەوە دەرکەوتوون و چەشنی چەند مۆمێک لە دەوورووبەری تەرمەکەدا دەدرەوشێنەوە.

نیگای دایک، هەتا نێو ماڵە تاریکەکان بڕشتی دەکرد کە خەڵکی دەترسان لەوەی چرای تێدا داگیرسێنن، نەوەکوو سەرنجی دوژمن ڕابکێشێت. نیگاکانی هەتا ئەوپەڕی کۆڵانە

---

[10] Rome

[11] Valerius Romulus

[12] King Alaric, 410 AD.

[13] پەردە

[14] چادرگە

تەواو تاریکەکان دەچوو و کە بۆنی لاشـــەکان، هەوای ژەهراوی کردبوو و دەنگی پچەپچی کپی خەڵکانێک کە چاوەڕوانیی مەرگیان دەکرد، لەوێ دەبیســـترا. هەموو کەس و هەموو شتێکی دەبینی. گشت ئەو شتانەی کە لەپاڵ ئەوەوە ناسراو و هێژا بوون، لێی زێدە نزیک ببوونەوە. دەتگوت لە بەرامبەریدان و بێدەنگ و هێمن چاوەڕوانی بڕیاری ئەون و دایک وای هەست دەکرد کە دایکی تەواوی خەڵک و دایکی شارەکەی خۆشیەتی.
لە ترۆپکی ڕەشی کێوەکانەوە چەند پەڵە هەور هاوشێوەی چەند ئەسپێکی باڵدار، بەرەوە دەشت دەهاتنە خوارەوە، و بەرەو شاری ناچار بە کەوتن دەفڕان.
-کوڕەکەی دەیگوت:
-گەر شـەو تا ڕادەی پێویسـت تاریک بێ لەوانەیە هەر ئەمشـەو بەسـەری شـاردا ڕامالم، کاتێک کە هەتاو دەدرەوشـــێتە بان چاوی مرۆڤ، بینینی ترووســـکەی چەک، چاو واق و وڕماو دەکات و ناتوانێت بەباشـی شـمشـێرەکەی بەکار بێنی. لەو دۆخەدا هەمیشـە دەسـت نادرووست لێدەدا. بەدەم ئەم قسانەوە بەوردی شمشێرەکەی سەیر دەکرد.
-دایکی پێی گوتی:
-وەرە ئێرە، ســەرت بخە ســـەر ســینگم و پشـــوو بدە و وەبیرت بهێنەرەوە کە لە کاتی منداڵیدا چەندە دلۆڤان و گەش بوویت و خەڵکی چەندیان خۆش دەویستی.
-لاوەکە بەقسەی دایکی کرد و سەری نایە سەر ڕانی دایکی، ڕاکشا و چاوەکانی پێکەوەنا و گوتی:
-ئەمن تەنیا تۆ و بەناوبانگبوونم خۆشدەوێ، تۆشـــم لەبەر ئەوە خۆشدەوێ کە منت ئاوەها هێناوەتە نێو ژیانەوە.
-دایکی بەسەریدا چەماوەوە و گوتی:
-ئەی ژنان؟
-ژنان زۆرن و وەک شتێکی هەنگوێناوی، مرۆڤ خێرا لێیان تێر و یاس دەبێ.
-دایک بۆ دوایین جار لێی پرسی:
-حەزت لێ نییە ببیتە باوک و منداڵت ببێ؟
-لەبەر چی؟ بۆ ئەوەی بیانکوژن؟ کەســێکی وەک خۆم دەیانکوژێت و تووشــی خەم و ژان دەبم و لەو کاتەدا ئیدی پیر و بێهێز دەبم و نەتوانم تۆڵەشیان بستێنمەوە.
دایک، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:
-تۆ وەک برووسکە جوانی، بەڵام هیچ سوودێکت نییە.
-ئەویش پێکەنی و برسقی دایەوە:
-بەڵێ! بەوێنەی برووسکە..
دواتر چەشنی کۆرپەیەکی ساوا، لە باوەشی دایکیدا خەوی لێکەوت.
دایک کەوا ڕەشەکەی بەسەر کوڕەکەیدا هێنا و لە ژێریدا شاردوویەوە، خەنجەرە تیژەکەی چەقاندە سینگی ڕۆڵەکەی و ئەویش جووڵەیەکی کرد و ئازا گیانی سپارد. دیارە دایک باش دەزانێت کە دڵی کوڕەکەی لە کوێدا لێدەدا و ترپەترپیەتی... پاشـــان تەرمی بێگیانی کە

لەسەر ئەژنووەکانی بوو، هاویشتە بەر پێی پاسەوانە سەرسوورماوەکان و لەدوای ئەوە ڕووی کرد لە شارەکە و گوتی:
ئەز وەکوو مرۆڤێک ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ ڤلاتەکەم کردم، بەڵام وەک دایکێک لەگەڵ کورەکەمدا دەمێنمەوە! ئیدی دێرە (لەو تەمەنەدا نیم) جارێکیتر بتوانم ڕۆڵەیەکیتر بێنمە دونیاوە، مانەوەشم لە ژیاندا بۆ هیچکەسێک پێویست نابێ. (لەدوای ئەم قسانە)، هەمان خەنجەر کە هێشــتا بە خوێنی کوڕەکەی؛ واتا خوێنی خۆی گەرم و ســوور بوو، چەقاندە سەر دڵی خۆی.
کاتێک کە دڵ پڕژان و ئازارە، دەکرێ بە ئاسانی بکرێتە ئامانج..!

**...تەواو...**

---

(دیواندەرە، هاوینی 2719ی کوردی) zanko.yari@yahoo.co.uk